# شێعرەکانی هێمن لە شایەنی ڕەخنەی فمێنیستی دا

**نوسینی: پەری کەریمی نیا**

زمان چەمکی زەینی کۆمەڵگایە و ئەوە زمانە بێجگە لەوەی لە وتەی ڕۆژانە دا کەڵکی لێ وەردەگیرێ دەبێتە بنەمایەکیش بۆ نووسین. نووسین مێژووی زیندووی نەتەوەیەکە و دەتوانرێ بە خوێندنەوە و تێرامان لێی شێوەی بیر کردنەوە و هەڵسووکەوت و داب و نەریتەکانی سەردەمێکی پێ هەڵبهێنجرێت. بەڵام بۆ ئەوەی بە گۆشە نیگای ڕەخنە گرانەوە سەیری ئەو داب و نەریتە بکرێت و باسی لێوە بکرێ پێویستە بۆچوونێکی بۆ دەست نیشان بکاتٍ.

لەم باسەی کە دەمەوێ لێرە دا بیکەمەوە شێعرەکانی مامۆستا هێمن و ژن و پێگەی ژن لە ناو شێعرەکانی هێمنی وەتەن پەرست دایە و ئەوەیش ڕوونە کە بێجگە لە ڕووناکبیری خودی شاعیر جێ پەنجەکانی داب و نەیتی سەردەمی ژیانی شاعیر تێدا بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە. ڕەخنەی فمێنیستی بۆچوونێکە کە بۆ ژن لە سەردەمی  ژیانی هێمن دا هەڵم بژاردووە . فمێنیسم کۆمەڵێ بیرورا، بۆ چوون و ڕوانگەیە کە لایەنگری و داکۆکی لە ماڤی ژنان دەکات و ڕەخنەی فمێنیستی ڕۆچوون بە ناو ئەو بیر ورا و داب و نەریت ... کە پێگەی ژنان دەست نیشان دەکات و هەڵاواردن، زۆڵم، توند و تیژی تێروانییەکان دەداتە بەر ڕەخنە. ڕەخنەی فمێنیستی ڕەنگە یەکێك لە ئامانجەکانی ناساندنی هەڵاواردن بێت و ئەگەر فاکتەکەش هەست پێکرا و ناسرا دەتوانرێ هەوڵ بۆ سڕینەوەی لە گۆمەڵگا دا بدرێ.

سەردەمی هێمن یەکێك لە سەردەمە پڕ کێشە و ڕووداوەکانی مێژووی کوردەوارییە و هەر ئەو سەردەمەش وا دەکات کە نیگا و بۆچوونی جیاوازی زۆر ببینرێ. هەڵبەت جیاوازی بیر و را لە کۆمەڵگایەکی نەریتی کە خوازیاری مانەوەی ڕێسای باوە زۆر ئەستەمە و گرینگترین هۆکاری ژێر دەستی ژنانیش لە کۆمەڵگا و پێکهاتەگەلی کۆمەلایەتی دایە.

هێمنیش ئەو باسانەی لە شێعرەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە هەر بۆیە دەتوانرێ جیاوازی بیر و را و بۆچوون لە شێعرەکانی دا ببینرێ.

شێعرەکانی هێمن کە سەرچاوەی من بۆ شێعرەکانی هێمن ( تاریك و ڕوون ) لە بڵاوکراوەکانی ( بنکەی پێشەوا ) یە، بەم شێوەیە لێی ورد بوومەوە:

**ژن و وڵات**

تێکڕای ئەو شتانەی کە لە ژیان و لە دەورووبەری مرۆڤ دا هەن خۆشەویستن بەڵام پلەی خۆشەویستی هەر کامیان جیاوازە. هێمن بە شاعیری بەرگری، مووتەعەهێد و وەتەن پەرست

ناسراوە کە لە ژیانی هێمنیش ورد بینەوە بەشێکی یەکجار زۆری بۆ ئەو پرسە تەرخانکردووە.

ئەوەتا لە کاتێکدا کە کۆڵێ شتی تری لا کەڵکەڵە بووە هەر نیشتمان بەشێکی سەرەکی و فەرامۆش نەکراو دەبێت لای تەنانەت وەختی دەسبازی لە گەڵ یار:

تەنانەت وەختی دەسبازی لە گەڵ یار
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە
لە جێ ژوانێ کە دەگوشم مەمکی یار
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیر
تۆم هەر لە بیرە ل: 62

کەواتە نیشتمان هەر زاڵە بە سەر ژندا.

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردەنی پڕ خاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردەم ئەمن
کوردم ئەمن ل: 49

بەڵام لێرە ئیتر بە تەواوی ئەو نیگا سێکسەش کە لە شیعری پێشوو دا باسی لێوە دەکا لە بیر دەباتەوە و بە یەکجاری ژن نەفی دەکات و خۆشەویستی خۆی بۆ وڵات دووپات دەکاتەوە.

بەڵام لە شێعری ( دایکی نیشتمان ) دا کە وەتەن دەشوبهێنێ بە دایکی نیشتمان و هاوشانی یەکترینیان دادەنێ.

لە کاتی نیوە شەو دا بوو و شەوێ دی
ژنێکی پیر و رەشپۆشم لە خەو دی

و دوایی کە شاعیر لە کەسایەتی ئەو ژنە دەپرسێ و ئەویش ئاوا دەڵێت:

گوتی نازانی رۆڵەی هیچ نەزانم
ئەمن کێم؟ رۆڵە دایکی نیشتمانم

کەواتە لێردا ئەو جیاوازی بیر و را کە لە شێعرەکانی سەرەوە دا بینیمان دەمانهێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە ژن بەس کە نیشتمان ( دایك ) بوو دەتوانی رێز دار بێت و خاوەنی شکۆ بێت لای پیاوان.

## رزگار کردنی ژن

لە هەندێ لە شێعرەکانی مامۆستا هێمن دا سەرەرای بابەتەکانی تر باس لەوەیش دەکات کە دەبێ ژن رزگار بێت و داوای لێ دەکات رووبەند و پەچە و چارشێو فرێ بدا.

بەڵام کە دیسان باس چووە سەر وڵات ژن دەباتە پلە دوو و یا وشەی پیاوانە بە کار دەبات.

بپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت
دێدە گیان بدە یاری برای خۆت

له گوێن ( داندارك ) هسته وەك مەردان

دوژمن وەدەرنێ له خاكی كوردان

وتووویژی كچ و كوڕ ل: 50

لێر دا له سەر سێ وشەی یاری ، برا و مەردان دەوەستین:

بە سەیرێكی مانای وشەكان له كتێبی گیوی موكریانی و هەروەها ورد بوونەوه له مانای ئەو وشانه یاری وەك یارمەتی دان و دەست یار و یارمەتیدەر هاتووه یارمەتی كەسێك بدرێت بۆ كاری لێره ئەو كەسەی كه ئەنجام دەری كارەكه ( بكەر) یه هەر پیاوه و كێ كاری له سەر ئەنجام دەدرێ ژنەكەیه ( پەرچەكردار) كەواته ژن بۆ رزگار كردنی نیشتمان راستەوخۆ ناچێته ناو جەرگەی خەبات و وەك كەسێك ناراستەوخۆ بەشدار دەبێت. چۆن له سەردەمی پێغەمبەر دا ژن كاری پشتەوەی مەیدانی شەڕی دەكرد و یارمەتی و پەنای پیاوانی شەڕكەری دەدا لێره دایش هەر وا هەست دەكرێ كه ژن هێزی یارمەتی دەره ( هەر چەند ئێستا ژنان بۆ خۆیان بەشێكن له رزگار كەرانی نیشتمان)

با وشەی برا كه كەسێكی مەحرەمه و له داتیك و باوكی مرۆڤ و یەكێك لەوان بێت هەر چەند وتنی وشەی برا بۆ دروست بوونی و پێك هێنانی پێوەندی و دڵنیاییه و هەروەها دەیەوێ سالم بوونی پێوەندیش بسەلمێنێ و له ئیسلامیش دا ئەم حەڵاڵ و حەرامه هەر زاڵه . بەڵام ئامانجی هاوبەش تێكڕای مەحرەم و نامەحرەمەكان باتڵ دەكاتەوه و هێمنیش بۆ خۆی له كۆمار دا بینەری بەشداری ژنان بووه و یا هەر له خودی لادێ دا تێكڕای ژن و پیاو پێكەوه كار دەكەن و ئیسلام ئەو حەڵاڵ و حەرامه بۆ سەلماندنی بوونی گوناه و كۆنترڵی مرۆڤ و واقعییەتی گوناه به كار دەبا و ئەگەریش بێگومان گوناه نەبوایه ئادەم و حەوا له بەهەشت دەرنەدەكران و میللەتانیش قەت رزگاریان نەدەبوو مرۆڤ دەبێ گوناه ( به مانا ئیسلامییەكەی ) بكات تا به ئامانجێك بگات.

بەڵام وشەی مەردان كه وشەیەكی تەواو پیاو سالارانەیه و ژنی ئازا به مەرد و پیاو دەشوبهێنرێ و مەردانیش به مانای ئازایانه و پیاوانەیه كەواته ژن لێردا بوونی نییه چونكه تێكڕای هەوڵەكانی وا دەنوێنرێ كه ببێت به پیاو كه مرۆڤیش یك جنس بوو بوون بێ مانایه هەر وشەی مەردانه زۆر به جوانی له بەرامبەر دژەكەی خۆی واته نامەردانه ماناكەی دەردەكەوێ كه به مانای ناپیاو. حیز. بێزاخ و نامرۆڤە. له كۆمەڵگەی ئێمه دا كه چاكه/ خراپه . مەحرەم / نامەحرەم . مەرد / نامەرد و ... زۆر به جوانی و به زۆری به كار دەبرێ ئاماژه بەوەیه كه هەر چی له چوار چێوەی باشه دا نەگونجا خراپه و ژن له كۆمەڵگه دا به پێی ئەم فاكتانه:

ئەڵێی ژنه دەگری.

ژن هەڵات ژن هەڵات.

وەك ژنی حیز سەری داخست.

هەر چی خراپەیە بەو دەشووبهێنرێ و ئەمەیش دالێکە بۆ ئەوەی کە بوونی مێشکی پیاوسالارانە و رێ نەدان بە سەلماندنی ژن وەك ژن لە تێکڕای بوارەکاندا بە جوانی دەردەکەوێ و با ئەوەیشمان لە بیر نەچێت کە هەر خودی پیاو یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم بیرە پاسیڤ و گەنیوە .

بە دوو نموونەی تر ئەم باسە کۆتایی پێ دەهێنین:

شکا بێگانە. پاڵوتی لە ترسان

کوڕی کورد، هاتەوە دیسان هەلی تۆ

دوا رۆژی رووناك ل: 66

بۆنی خۆشی هەڵاڵە

پیاو مەست دەکا لە نواڵە

بەهاری کوردستان ل: 107

## هێماکانی ژنی باش لای هێمن

هێمن تێکڕای ژنەکان بە دوو بەش دابەش دەکا:

ژنی باش ( لادێیی ، خەباتگێڕ) / ژنی خراپ ( شاری ، ناخەباتگێڕ )

هێمن ژنێکی لا باشە کە جوان بێت هەڵبەت تێکڕای سیفەتە جوانەکانی خودا دادی تێدا بێت و یا خەباتگێڕ بێت چ بۆ وڵات و یا چ بۆ خوێندن.

هێمن لە شێعری ( کیژی لادێ ل: 63 ) ئەم هێمانەی باس کردووە و باسی خراپی ژنی شار دەکات چونکە ئەگەر جوانییەکی رواڵەتیشیان هەبێت هەمووی دەستکردە بەڵام هەر لە بەرامبەر ژنی لادێ وشەی ( داوێن پاك ) بە کار دەبا.

کیژی لادێ یی نەشمیلی جوان چاك

بێ فڕ و فێڵ و هێدی و داوێن پاك

لێرە دا وەستانێك لە سەر وشەی داوێن پاك پێویستە داوێن پاك کەسێکە کە پارێزگاری لە داوێنی ( ئابڕوو و نامووس) خۆی دەکا و پابەندیشە بە ئیخلاقیات و لە بەرامبەر داوێن پاك دا داوێن پیسمان هەیە کە بە پێچەوانەی ئەو مانای سەرەوە دێت .

بەڵام هێمن لەم شێعرانەی خوارەوە دا:

لە مەزرایە کە خۆم هەڵکرد لە کارێ

لە جێ ژوانێ کە دەکوشم مەمکی یارێ

تۆم هەر لە بیرە ل: 62

وەرە ئێرە و ببینە نازی بێری و دەس بزێوی شوان

بچۆ ناو رەشبەڵەك بگووشە دەسی دۆی ناسك و نازدار

بەهاری لادێ ل: 61

خۆی بۆ پیاو کە باسی پێوەندی سێکسی و جێژوان دەکا بە پۆزەتیڤ ناوزەدی دەکا.وشەی ئابڕوو و شەرەف و نامووس دروست کراوی دونیا و ژیانی پیاو سالارین و بۆ پاراستنی نەریتەکانی پیاو سالاری، سەرکوت کردنی ژن دانراوە و کەواتە هەموو شتی چاك بۆ خۆم دەتوانیٚ پاساوێك بێت بۆ ئەوانە و ئەم شێعرەیش دەتوانیٚ دونیا پیاو سالارانەکە زیاتر بسەلمێنیٚ و وەستان و بێدەنگی ئێمە لە بەرامبەر ئەو بیر کردنەوە پیشان دەری نارەزایەتی دەربڕینە .

ئارەزوومە هیچ نەبیٚ جارێکی ماچ کەم زاری تۆ

ئارەزووی من چووکە ئەمما تا بفەرمووی شیرینە

یادگاری شیرین ل: 69

بەڵام ژنی خەباتگێڕ لە ئاستی خوێندن و خزمەت بە وڵات و پێشمەرگایەتی و وتەزایەکی ترە لە شێعرەکانی هێمن دا دەبینریٚ.

فێری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندن

تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی یادگاری شیرنە

یادگاری شیرین ل: 70

هێمن بە رەخنە گرتن لە رابردوو و کاری هێز و بازوو داوا دوکا ژنانی کوردیش خەریکی خوێندن و زانست و هونەر بن چونکە ئەوە لە کوت و بەندیان دەردەهێنیٚ و شێعری گوڵی هیوایش ئەختەر وەك کچە پێشمەرگەیەکی قارەمان دەهێنێتەوە کە کاتیٚ تفەنگی لە دەست دا دەبینیٚ دەڵیٚ:

زانیم گوڵی هیوا پشکووت

بەیانی ئازادی ئەنگووت

## عەشق و خۆشەویستی

هێمن شاعیرێکیش بووە کە عەشق و خۆشەویستی بەردەوام بەشێکی بووە لە ژیانی و کاریگەری زۆری بە جیٚ هێشتووە هەر چەند هیچ شتێك لای ئەو ناگاتە نیشتمان و خاك و کوردایەتی و هەموو شتێك لەو سووچەوە دەبێنیٚ پێی وایە بە هۆی رزگار بوونی ئەوانە کە کورد دەتوانیٚ خۆی بگریٚ وسەرێکی هەبێت لە سەر سەران بەڵام عەشق زۆر جار هەموو رێگاکان دەبڕیٚ و کەسەکە بریندار دەکا.

یەکێك لەو هەر شێعرە جوانانە کە بە خوێندنەوەی بزەیەك لە سەر لێوی هەموو کەس دەنیشیٚ و بە جوانی شێعرەکە شاگەشکە دەبیٚ. شێعری جۆلانەیە ئەو شێعرە هەر چەندە لە توخمە ئەدەبییەکان کەڵکێکی وا وەرنەگیراوە و بە زمان و وشەی زۆر سادە هۆنراوەتەوە بەڵام ناوەڕۆکێکی سووک و

شیرینی هەیە. جۆلانە باسی نەخۆشی شاعیر دەکات کە دەچێتە لای دۆکتۆر ئەو بە راشکاوییەوە دەڵێ کە دەمریت و شاعیر باسی عەشقی خۆی دەکات و دەڵێ:

دڵە کوتەم نیە دڵم

جێی کیژێکی خانوومانە

مندالە ئۆقرەی ناگرێ

بۆم دروست کردوە جۆلانە

جۆلانە ل: 139

هەر چەند لە شێعری ماچی شیرین ل : 135 دا بەس بارە سێکسیەکە زەق دەبێتەوە بەڵام کە پیریش دەبێ حەسرەت و جەغاری لێ هەڵدەستێ کە ناتوانێ ئەو کچە شۆخ و شەنگە بدوێنێ.

پەیامی من بە گوێی ئەم دولبەرە نازادارە را ناگا

نەسیم بێ سیم دەبینێ شل دەبێ بەم کارە راناگا

پەیامی رانەگەیەنراو ل: 228

هەر وەك لە خوێندنەوەی دیوانە کە دا دیمان بیری گەنیو کۆمەڵگەی ئەو دەمەی ئاخنیوە بەڵام رۆشنبیر و خەباتکارێکی وەك هێمن دەیەوێ رەخنە بکاتە ناویەوە و باسیان لێوە بکات.

نەهرۆ دەڵێ: نەتەوەیەك ئەگەر مێژووی خۆی نەزانی بەردەوام شکست دووبارە دەکاتەوە و بە رای منیش نەتەوەیەك ئەگەر رەخنە لە کەڵە نووسەر و رۆشنبیرەکان و کەسایەتییە ناودارەکانی خۆی نەگرێ بەردەوام لە پلەی سەرکەوتنی ئەو کەسانە دا دەمێنێتەوە و هەنگاوەکانی بەرەو دوا کەوتن هەڵدەهێنی و ئەوەیشمان لە یاد نەچێ کە رەخنەی فمێنیستی یەکێك لە گرینگترین و پڕ کێشە ترین رەخنەکانە کە دەیەوێ بە خوێندنەوە هەڵەکانی رابردوو بناسێت و ئێستاشی پێ بونیاد بنێ و داهاتووشی پێ دروست بکات و بە قەولی شێرکۆ بێکەس ئەگەر کەسێك بیەوێت وەك من بنووسێ هیچی نەکردووە هەر کەس دەبێ بێت گەورە پەرستی و قارەمان پەروەری و پیرۆزی بشکێنێ با بەردەوام لە ستایشی رابردوودا نەمێنێتەوە و ئێستا و داهاتووی لە کیس نەچێ و بەردەوام قارەمانی تازە بخولقێنی و بونیادی بنێتەوە چونکە وڵاتێك کە قارمان پەرەستە و یا وڵاتێ کە قارەمانی نییە جێی حەسرەت و داخە.